# وەزارەتی دارایی و ئابوری بڕیارێکی لەبارەی پاداشت و هاوکارییەکانەوە دەرکرد




وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان گشتاندنی دارایی ژمارە ( 1 ) ی ساڵی (2024 ) تایبەت بە خەرجی و داهاتی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بڵاوکردەوە.

بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی کە بەرواری ئەمڕۆی لەسەرە 24/1/2024 ، ئاماژە بەوە کراوە، تاوەکوو بودجەی ساڵی 2024 پەسند دەکرێت، پێشینەی بەردەوامی مانگانە بۆ دامودەزگاکان خەرج دەکرێت، ئەویش دوای فەرمانی نوێکردنەوەیان.

لەنووسراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە،بەپێی بودجەی مانگانەیان، ڕێگە بە فەرمانگەکان دەدرێت، هەندێك پێویستیی گرنگ و ئامێر و كەلوپەل بكڕن.

هەروەها وەزارەتی دارایی روونیکردووەتەوە کە سەرجەم پاداشت و هاوکارییەکان ڕادەگیرێن، جگە لە بەخشینی بەردەستی وەزیرەکان نەبێت.

ئەوەش خراوەتە کە نابێت بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هیچ فەرمانبەرێك بۆ دەرەوە ئیفاد بکرێت، ئەگەر بەم جۆرە کرا، ئەوە پارەی بۆ خەرج ناکرێتەوە، ئەگەر ڕەزامەندیی ئیفادیش هەبوو، دەبێت لەسەر پێشینەی مانگانە پارەکە خەرج بکرێت.

اق

یت
ه‌ی

دی
ه‌ی
ان
و
دی
نی

ه‌م

نی
ی
/
ی
ی

ان
ی
ان

ن

A
V